www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 29-10-2006 7:53

# دوو شەوی ژیانم ... ڕزگار گوڵەباخ

تەمەنم زۆر تێپەڕیوە و
تەمەنیشم تێپەڕ دەبێ
دەزانم ڕابردووم چۆنە
بەس نازانم ئەدی داهاتووم چۆن دەبێ
لە تەمەنی بەسەرچووومدا
تەنها دوو شەو لەشەوەکانی دی ناچن
لە تەمەنی بەسەرچووومدا
تەنها دوو ڕۆژ لە ڕۆژەکانی دی ناچن
ئەو دوو شەوەی
قۆڵ و باسکم سەرینت بوو
زۆر بە مەبەست، نەک بە ڕێکەوت
هێند هیلاک بوویت،
بەدەم وەنەزدانەوە و
بەدەم شەوباشی منەوە خەوت لێکەوت
ئەو دوو شەوەی
جەستەمان هێندە نزیک بوون لە یەکتری
موو لە نێوانمان نەدەکەوت
ئەو دوو شەوەی
حەزی ناخمان قووڵپی دەدا
بورکانی وویستی برسیمان بۆ یەکتری
چەخماخەی گڕی لێدەدا
تەنها ماچی لێوی شیرین
توانی لە دەرگای حەز بدا
ئە دوو شەوەی
کە بۆ دواجار چاوم تیا دەخستنە سەر یەک
دوا نیگاری ڕوخساری تۆ لە ناو چاو بوو
پێش ئەوەی گوێکانم قان دەم
دوا وو شەی تۆ، شەوباشی تۆ لە گوێمدا بوو
لە باتی بۆنێکی دەستکرد
وەکو دوا بۆن
بۆنی هەناسی ڕۆحی تۆ لە لووتما بوو
کە ڕۆژ دەبوو
هیوا خواز بووم
هەر ڕۆژ بێت و قەت شەو نەبێت
چوون دەمتوانی
گشت ساتەوەخت لە تەکتابم

بە تەنها چاوم لە تۆ بێت
ئەو كاتەشی كە شەو دەهات
حەزم دەكرد هەر شەو بێت و
قەت قەتیش ڕۆژ نە بێتەوە
لەسەر قۆڵم هێند بە هێمنی نووستبوویت
حەزم دەكرد كە خەبەرت نە بێتەوە
ئەو دوو ڕۆژەی دەریا هێمن
شەپۆلی تووڕەی تیانەبوو
ئەو بەردانەی قەراخ دەریا
كە سەكۆی ژێر هەردووكمان بوو
لەبە ربێ شەپۆلی دەریا تەڕ نە دەبوو
ئەو دوو ڕۆژەی هەوای سرووشت
هێند خامۆش بوو
جگە لە ئاهی هەناسەی ڕۆحی ئێمە
هیچ سروەیەكی تیانەبوو
ئەو دوو ڕۆژەی گەڵاكانی
دار و درەختی گوێ ڕووبار
هەر یەک خەریكی سەمابوو
بەدەم سەما كردنەوە
دەكە وتە سەر شان و ملمان
پاشان فەرشی بەر پێمان بوو
ئەو ڕۆژە خۆرم خۆش دەویست
كاتێک تیشكی
لە نێوانی گەڵای درەختەكانەوە دزەی دەكرد
هە تاوەكو دوای گەشتێكی دوور و درێژ
دوا مەنزڵی پرچی تۆ بێت
لەویا داوای پشووی دەكرد
تیشكی خۆر و بریقەی تاڵی زوڵفی تۆ
نیگارێكی بێ وێنەیان
لەسەر ڕووی ئاوی دەریاكە درووست دەكرد
نەم دەزانی
لە چاوانی تۆ بڕوانم، یاخود لە پانتایی دەریا
كە دەمڕوانییە چاوی تۆ، پانتایی دەریام دەبینی
كە لە دەریاشم دەڕوانی، وێنەی تۆم تیا بە دی دەكرد
كە لەكەنار دەریادا بووین
هەچی قاز و مراوی بوو
ئەوەی كە چاوی لێمان بوو
ئە وەی كە گوێی لە دەنگمان بوو

هاتنە لامان
سەرباری برسێتی خۆیان
سەمایان بۆ ئێمە دەکرد
ئێمە هەردووک لەو ڕۆژەدا
تەنها ئەوین خواردنمان بوو
بۆیە ئێمە جگە لە ماچ
هیچ خواردنمان
پێشکەش قاز و
پێشکەشی مراوی نەکرد
کە لەتەک تۆدا دەڕۆشتم
بە ئەسپایی دەستی ڕاستم
لە پشتەوە لە کەمەری تۆ توند دەکرد
تۆش پەنجەی نەرم و نیانت
تۆش دەستی خۆت، ئا لەو دەستەی من توند دەکرد
ئەو ڕۆژانە
دارو درەخت و گەلاو گوڵ
بە سەمفۆنیای ئەوینەوە
هێدی هێدی سەمایان لەگەڵ تۆ دەکرد
بە درێژی ئەو ماوەیەی ئێمە لە کەنار دەریا بووین
سرووشت هەردەم سەمفۆنیای ئەوینی لێدا
بە درێژی ئەو ماوەیەی ئێمە لە کەنار دەریا بووین
ماچمان دەکردە دیاری خۆر
شەکرە ماچی ئەشقی ئێمە
خۆی لە قەرەی
شڵپەی ماچی بەردی کەنار، لە شەپۆلی دەریا دەدا
گمە گمی کۆتر و
قیرەی قاز لە گەڵ مراوی
جریوە جریوی چۆلەکە
شنەی شەماڵ
سەمای گەلا
ماچی ئێمە و
ماچی بەردی کەنار دەریا
لە گەڵ شەپۆلی دەریاکە
گشت پێکەوە سەمفۆنیا بوون
دیاری ئەوینی ئێمە بوون
دەمانزانی کە سرووشتیش
ڕێزی هەیە بۆ ئەوین و ئاوێزان بوون
نەرم نەرم هەنگاومان پێکەوە دەنا

جار ناجارێک، زۆر بە مەبەست
من خۆمم کە مێک دوا دەخست
هە تاوەکو لە قەد و باڵات بڕوانم
هە تاوەکو پرسیار بکەم لە چاوانم
ئاخۆ تۆ وا شۆخ و شەنگیت
یان وا دەتبینێ چاوانم؟
ئەویش لە وەڵامدا ووتی:
شۆخ و شەنگیت بێ وێنەیە
نیگای چاوت بێ وێنەیە
قەد و باڵات، سیحری زوڵفت بێ وێنەیە
ووتی دەسا تەماشاکە
دار و درەخت، گەڵا وگوڵی کەنار دەریا
هەر هەموویان سەما دەکەن
چونکە ئەوڕۆ شۆخ و شەنگێ
تاکە میوانی ئەوانە
بۆیە وا پێشوازی دەکەن
کە لە کەناری دەریادا
چاوەڕوانی کەشتیی ئەوینمان دەکرد
وورده ماچمان بە سەر شەپۆل
گوڵ و داری ئەو ناوەدا دابەش دەکرد
بە هێواشی باوەشت بە مندا کرد و
سەریشت خستە سەر سەنگم
ئەو کاتانە هەستم دەکرد
من نا، تۆ (گوڵەباخ) یت و منیش هەنگم
کە سەرت تاکە میوانی سنگی من بوو
زۆر دڵخۆش و شادمان بوویت
منیش چاوم کێومالّی پانتایی دەریای دەکرد
وات دەزانی هەروا دەبیت
بۆیە دڵم بە ترپەی خۆی، بە لێدانی
مۆسیقای ئەشق و ئەوینی
بە دیاری گوێچکەی تۆ دەکرد
ئێمە هەردووکمان پێکەوە
سواری کەشتیی ئەوینمان بووین
خۆمان دایە دەست شەپۆل و
لە توورەیی، لە هێمنی
شەپۆلەکان بێ ئاگابووین
شەپۆلەکان
ئەو ڕۆژانە توورە نەبوون، دڵ ڕەق نەبوون

ئازاری ئێمەیان نەدا
سەری ئەشق و ئەوینمانیان، بە کونی مردندا نەدا
جارجارە بۆ دڵنیایی
چەند دڵۆپێک
ئاورنگی ئەشق و ئەوینیان بە ڕووی هەردووکماندا دەدا
من بۆ ئەوەی، دڵۆپەکان
ڕوخساری تۆ نە شێوێنن
پرچی ئاڵت نە ژاکێنن
لەبەردەمتدا دەوەستام
پشتیشم لە شەپۆل دەکرد
ئەو کاتانە من شەپۆلم تووڕە دەکرد
چونکە ئەوم لە نیگای تۆ بێ بەش دەکرد
چەندە کەشتی
دڕی بە ناخی ئاوی دەریاکە دەدا
دوو ئەوەندە شەپۆلەکان تووڕە دەبوون
ئەوسا ئیتر گشت دڵۆپە ئاوەکانیان
بە گازەرای پشتی من و
بە نێو شانی مندا دەدا
چەند بمەوێت
وەسفی ئەو ڕۆژانە بکەم
چەند بمەوێت
وێنەی شیعری لێ درووست کەم
هێشتا کەمە...
چونکە تەنها
ئەو دوو ڕۆژە، ئەو دوو شەوە
مێژووی ئەشق و چیرۆکی ڕاستەقینەمە
من دەمزانی
ئەو دوو ڕۆژە، ئەو دوو شەوە
جارێکی تر نابێتەوە و قەت سەرناگرێت
بۆیە دەمویست
تا ئەوەندەی نووزەم تیابێت
هاوار بکەم... تۆم خۆش دەوێت
بۆیە دەمویست
تا ئەوەندەی نووزەم تیابێت
هاوار بکەم
دڵم بۆ ئەوینی تۆیە وا دەسووتێت
تاوەکو خواوەند گوێی لێبێت
هە تاوەکو ئیزرائیلمان بۆ بنێرێت

تاوەکو ڕۆحمان بکێشێت
هە تاوەکو دوو بە دوو لەگەڵ یەکتردا
بە تاوانی ئەم ئەوینە
بە گووناهی ئەم ئەوینە
بۆ ئاگری دۆزەخمان بەرێت

ڕزگار گوڵەباخ
بەرلین 28. 10. 2006